# ئامارەترسناکەکانی گەندەڵی

سەمەد موحەمەد ئەمین

سەرباری شەڕو کوشتاری ڕۆژانە ولەناو چوونی دەیان وسەدان کەسی بێ تاوان لەناو کوورەی شەڕی کۆنەپەرستی دەربەدەر بوونی دەیان وسەدان خێزان لەسەرماڵ وحاڵیان،
گەندەڵی لە عێراق دا بە هەرێمی کوردستانیشەوەبە شێوەیەکی سەرسووڕ هێنەرو ترسناک زیادی کردوە وبەردەوامیش لە زیاد بووندایە ، بە پێی ئامارە فەرمیە ڕاگەیەندراوەکان بەشێکی داهاتی کۆمەڵگای عێراق و کوردستان دەچێتە گیرفانی لێپرسراوانی گەندەڵەوە، کەلە لایەک کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر گووزەرانی هاووڵاتیان هەیە بە تایبەتی بە بەشەکانی خوارەوەی کۆمەڵ لە خێزانە بێکارەکان وخانەنشینەکان وکرێکاران وفەرمان بەران ،لەلایەکی ترەوە یەکێک لە ڕێگریە سەرکیەکانی گەشەی ئابووری یە لەم ووڵاتە دا.
ئەم دیاردە یە بۆ هەموو هاووڵاتیان زۆر ئاشکرایەو بابەتی هەموو کۆڕو کۆمەڵ ومەجلیسەکانیانە ،تەنانەت لێپرسراوانی دەوڵەتیش ئیتر ناتوانن ئینکاری لێ بکەن و زۆر جاریش لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا قسەی لەسەر دەکەن و بەرنامەی ڕادیۆی وتەلەفیزیۆنی لە سەر دا دەبەزێنن ،دژایەتی خۆیانی لە بەرانبەر ڕادەگەیەنن ،باس لە چارەسەرکردنی دەکەن زۆر جاریش هەڕەشەی گەورە لەو کەسانە دەکەن کە گەندەڵی دەکەن یان بەشداری لەکردارە گەندەڵیەکان دا دەکەن، کە لە بێ شانسیاندا لەگەڵ قین وبێزاری جەماوەر ڕووبە ڕوودەبنەوە ودەبنە جێگای گاڵتە جاڕی خەڵک ،چونکە جەماوەر زۆر باش دە یان ناسن ودەزانن کە بەشی زۆری هەر ئەو لێپرسراوانە خۆیان کاراترین لێپرسراوی گەندەڵ ودەست پیسن، ئەگەر لە هەر هاووڵاتیەک بپرسی کە سەر چاوەی سەرەکی کێشەو نەهامەتیەکانی جەماوەری کەم دەرامەت چی یە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە ،یەکێک لە ئاماژە سەرەکیەکانی گەندەڵی وفەرهوود کردنی داهاتی کۆمەڵ لە لایەن لێپرسراوە گەورە گەندەڵەکانەوەیە ،ئەگەر داوای بەڵگەی لێ بکەی زۆر بە ئاسانی ئاماژە بۆ سەروەت وسامانەکانیان دەکات وپێت دەڵێ ئەو هەموو ملوێن وملیارەیان لە کوێ هێنا چۆن و بە چی ئەو کۆشک وتەلارانەیان برد بە ئاسماندا ، لە ئەنجامدا گۆمانی لە هەموو لێپرسراوێک هەیە وزۆربەیان بە گەندەڵ دەزانێت.
ئەگەر ئەم هەڵسەنگاندنەی ئەو هاووڵاتیە بخەیتە بەر دەستی دەوڵەت ولێپرسراوان بە زیادە ڕۆیی ونا واقعی دەزانن ولەقەڵم دەدەن ، بۆیە باشتر وایە بۆ ساغ کردنەوەی ڕاستی ونا ڕاستی هاووڵاتیەکەمان بە شوێن ئامارە فەرمی یە ڕاگەیەنراوەکانەوە بین کە لە لایەن دەزگا تایبەتیە کانی بەدوا داچوونی گەندەڵی ڕاگەیەنراون وبڵاو کراونەتەوە بزانین ئەم هاووڵاتیە کە بەدبەخت بووی گەندەڵی یە زیادەڕۆیی کردوە یان هێشتا تەواوی فەرهوودی لێپرسراوانی ئاگا لێ نیەوتەنها بەشێکی دەبینێ و باس دەکاو نەفرەت لێ دەکات.
بەپێی ئامارەکانی لیژنەی پاکی(هەیئە ی نەزاهە) کە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە بۆ بەدواداچوونی گەندەڵی وچارەسەری ئەودیادردە یە درووست بووە ساڵانە نزیک بە 4 ملیاردۆلار لەسەروەت وداهاتی کۆمەڵگای عێراق دەچێتە گیرفان وژمارە بانکیەکانی لێپرسراوە گەندەڵەکانەوە

که هەتائێستا ئەو هەیئەتە1100وەزیرو جێگری وەزیرو بەڕێوەبەری گشتی گەندەڵی بۆدەرکەوتووە ، 70% ی یارمەتیە نێودەوڵەتیەکانی تەرخان کراوبۆ بنیات نانەوەی عێراق وون دەبن ،ڕێژەی گەندەڵی ئیداری%70یە، بەپێی ڕەئی( ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی) عێراق لە ڕیزی پێشەوەی وولاتانی دەرگیربە گەندەلیە،بە پێی ڕاپۆرتی بیکەر–هاملتۆن ڕۆژانە لە نێوان 150000تا500000بەرمیل پەترۆڵ دەدزرێت وبە قاچاغ دەفۆشرێ لە لایەن لێپرسراوەگەورەکانەوە ،بەم جۆرە داهاتی کۆمەڵ فەرهوود دەکرێ وڕێژەی هەژاری بە%33جەماوەری عێراق مەزەندە دەکرێت ،ئەمە ئەو کارەساتەدڵ تەزێنەیە کەبەرەی ڕاست وحیزبەڕاست ڕەوەکان بەسەر کۆمەڵگایاندا هێناوە کە ئەمڕۆحوکمی ئەم وولاتە بەوپەڕی نا عادلانە کە وێنەی کەمە لە مێژوودا دەکەن ،پێویستە جەماوەری بەش مەینەت لە کرێکاران وزەحمەت کێشان هیچی تر خۆیان نەکەنە قووربانی سیاسەت وبەرنامە نا مرۆڤانەکانی بەرەی ڕاست وحیزبەکانیان ،هیچی تر خۆیان وماڵ ومناڵیان نەکەنە ئامرازی جارێکی تر بەدەسەلات گەیشتنەوەیان وبەردەوامیان لە تالآن کردنی سەروەت وسامانی کۆمەل، کە پێویستە بە شێوەیەکی دادپەروەرانەدابەش بکرێ وتەواوی تاکەکانی کۆمەڵ بەهرەمەند بن لێی، پێویستە ئەوانیش بیر لە بەرەی خۆیان وحیزبی خۆیان بکەنەوە کە بەرژەوەندیان بپارێزێ، لە داهاتوو دا دەنگی پێ بدەن وبیکەن بە نوینەری خۆیان وچاودێریان بکەن و لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکەن ئەگەر ویستیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاری بێنن یان سیناریۆی بەرەی ڕاست دووبارە بکەنەوە،وەلایان بنێنن وکەسی شیاوتر بخەنە جێگایان ئەمە تاکە ڕێگای ڕزگاربوونە لەموەزعە سەخت ونالەبارە،هەر ئەمڕۆ نەک سبەی دەبێ دەست بەکاربن .

2007/2/18